هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
The Coalition for Independence for Eastern Kurdistan
Hawpeymaniy serbexoxuazani rojhelati Kurdistan

## با ۲۸ی گەلاوێژ بکەین بەرۆژی سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکدەنگی ڕیزەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی داگیرکاری!

بە یاننامەی "هاوپەیمانی سەربەخۆییخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بە بۆنەی"۲۸ی گەلاوێژ" سی ودووهەمینساڵیادی داگیرکردنەوەی کوردستان بە ڕاگەیاندنی "فەرمانی جیهاد بە دژی کورد" لە لایەن خومەینی یەوە.

خەڵکی ڕزگاریخواز و وڵاتداگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هێز و لایەنە سیاسی، مەدەنی، کلتووری و ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان

کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان، ئێران و کوردستان

۳۲ ساڵ لەمەوبەر، سوپای تازە دامەزراوی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە مەبەستی خۆسەپاندن و سەپاندنی هەژموونی داگیرکارانەی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی ئێراندا - ،هێرشێکی بەربلاویان (بە فتوای خومەینی ڕێبەری ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی) بۆ سەر نیشتمانی تازە ئازادکراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکرد.

مەبەستی کۆماری ئیسلامی ئەستاندنەوەی ئازادی و ئیرادە لەو ناوچانەی بوو، کە بە هەموو شێوەیەك لە بەرانبەر حکوومەتی پاشایەتیدا خۆڕاگرییان کردبوو و داوای مافەکانی خۆیان لە حکوومەت و دەسەڵاتی تازەی ئێران واتە کۆماری ئیسلامی ئەکرد.

هەر ئەوەش بوو، بە فەرمانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی شەڕێکی گەورەیماڵوێرانکەر لە دژی میللەتی کورد هاتە ئاراوە کە تاکو ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

ئەم شەڕە ماڵوێرانکردنی ملیۆنان کورد و کوشتن و ئێعدام و بەندیکردن و هەژاری و بێکاری و تووشکردنی ملیۆنان کەس بە ماددە هۆشبەرەکان و نەپاراستنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤی لە کوردستاندا هێنایە ئاراوە، و بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرە شوومەکەی، لە ۲۸ی گەلاوێژدا تارمایی و نەهامەتیی هێنا بۆ کوردستان و سێبەری ئەو تارماییەش هێشتا هەر ماوەتەوەتەوە.

ئێمە وەك "هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە بەرانبەر فەرمانی جیهادی خومەینی بەدژی میللەتی کورد، هەموو هەوڵە سیاسی و دیپلوماتییەکانی خۆمان دەخەینە گەر بۆ ئەوەی کە ئەو ڕووداوە مێژوویە بە جیهان بناسرێت و وەک بەڵگەیەکی مێژوویی لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەر گەلی کوردا لە یاد نەکرێت.

هەروەها داوا لەگشت پارت ولایەنە و کەسایەتییە سیاسییەکان دەکەین، کە با بەهەموومانەوە ڕۆژی ۲۸ ی گەلاوێژ بکەین بە ڕۆژی خەبات بۆ سەربەخۆیی یەکجاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر ستەمی حاکمانی ئێرانی داگیرکەر.


hawpeimani@gmail.com

زۆرگرنگە کە ئێمە ئەو ئەزموونەی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی هێزەکانی ئیران لە بیر نەکەین، کەیەکەم هەنگاوی تواناکانی سوپاکەیان بە سەر گەلی کورددا تاقیکردەوە و بە سەدان ژن ومناڵ و گەورە ساڵی کوردیان قەتڵ و عام کرد. ئەمەش وامان پیدەڵێن کە هەر ڕێژێمیکی دیکە بێتە سەر حکومەت لە ئیراندا پێشوەخت خۆش بەڵێن دەبێت و دوا وەخت دوژمنی سەرسەرخت. کەوابێت ئێمە با چیدیکە ئەزموونەکان لە بیر نەکەین.
لە وەڵامی جینایەتەکانی ٢٨ی گەلاوێژ و هەزاران جینایەتی دیکە، ئەمرۆژە بکەین بە ڕۆژی خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان ، و بۆ ئەوەی ببین بە پێشرەوی نەتەوەکانی دیکەی بندەستی ئێران کە لە پێناوی وەدەستهێنانی رزگاریی ولاتەکەیاندا، هاودەنگی کۆمەلانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان بن.

داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین دەنگی نارەزایەتی و یەکگرتوویی خۆیان لەدژی داگیرکارانی کوردستان بەرز راگرن، و لەخەبات دژی زوڵم و زۆر دژی داگیرکاری یەکدەنگی خۆیان پتەوتر بکەن .

هاوپەیمانی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

پارتی سەربەستیی کوردستان

کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیمۆکراتی کوردستان

پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان ١٥/٠٨/٢٠١١